# ریفۆرم و
# عاملی دەرەکی بۆ سەرخستنی لە کوردستان
## مەجید سالح

لە سالی ٢٠٠٤ بەم لاوە قسەکردن لە سەر گەندەلی ئیداری جگە لەوەی لە ناو خەلکدا بە شیوەیەکی بەربلاو باسدەکرا، لە هەندیك لەو رۆژنامە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆیانەی کە لە سلیمانی دەردەچوون بە شیوەیەکی جیدی ئاوڕی لیدرایەوە و وردە وردە لەو بازنە تەسکەی‌کە تیدا بوو دەرچوو. بۆ میژوو بلین یەکەم سەرکردەی سیاسی کە مانیفیستی دژایەتی گەندەلی راگەیاند هەڤال مام جەلال بوو، ئەویش لە ریگەی کۆبوونەوەکانی لە گەل ئیدارات و بەپرسە حزبی‌یەکاندا بوو. مانیفیستەکەی مام جەلال بە ناوی (چاك سازی وپاك سازی) بوو . بۆ ئەوەی ریگە لە هەربۆچوونیکی لەو شیوەیە بگرم کە پیی وا بیت ئەوە جۆریکە لە پەشیمان بوونەوە، با ئەو راستییەش بۆ ئەو بەریزانە روون کەمەوە کە ریك لەو کاتەی کە زۆر کەس پییان وابوو ئەو بریارە دەبیتە هۆی بنبرکردنی گەندەلی، لە ژمارە (٩) پاشکۆی (مرۆڤ)ی رۆژنامەی هەوالدا کە ئەو دەم بەندە سەرپەرشتیاری بوو، لە گەل هاوریم لەتیف فاتح فەرەج نوسینیکی هاوبەشمان بلاوکردوەتەوەو پیمان وابوو کە ئەم چاك سازی وپاك سازییە بەو ئاسانییە سەر ناگریت، وبە بریار وهەرەشە کیشەکە زیاتر ئالۆز دەکریت.چونکە بەشیکی زۆری ئەوانەی دەسەلات بەدەستن نوقمی گەندەلی بوون وهیندەش بە هیز وخاوەن نفوزن ناکریت وەلاوە نرین لەوەش بترازیت ئەم دیاردەیە بە بریار چارەسەر ناکریت و پیویستی بە لیکۆلینەوەو دراسە هەیە.

لەوکاتەوە تاکو ئیستا کۆمەلیك دەست پیشخەری وپرۆژەو نووسین لە رۆژنامەکانی نزیك لە یەکیتی نیشتمانی خراونەتە روو. هەندیکیان بەو پەری دلسۆزی بۆ یەکیتی وریبازی شەهیدان نووسراوون وهەندیکی تریشیان بە تەحریزی ئەوانە نووسراوون کە تا سەر ئیسقان نووقمن لە گەندەلی و بوونەتە خۆراك بۆ دریژە پیدانی سوری ژیانی گەندەلچییەکان. بە پیچەوانەی ئەوانەی کە پییان وایە ( مادام هەموو کەسیك قسە لە سەر گەندەلی دەکات و کەس نازانیت کی راست دەکات و کی درۆ، کەواتە مەسەلەی ریفۆرم ناگاتە ئەنجام ومەسەلەکە تەم ومژاوی بووە )، پیم وایە نووسینی تاکە دیریکیش لە سەر ئەم دیاردەییە بۆ خۆی مایەی ئومیدە ،

چونكه نەوەیەك پێگەیشتووە لە هەموو رووەكانەوە جیاوازە لە نەوەكانی پێش خۆی و ئامادە نییە سازش بكات لە بەرامبەر پشت گوێخستنی و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت گەندەڵ و ناگەندەڵ لێك جیا بكاتەوە، ئەو بەرپرسەی كە دەسەڵاتەكەی بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی بەكاردەهێنێت و دوكان وبازاڕو كارگە و خۆڵ وبەردی كوردستان بۆ خۆی بە حەڵاڵ دەزانێت، لەو بەرپرسە جیا بكاتەوە كەژمارەی تەلەفوونەكەی بۆ رایگشتی ئاشكرا دەكات تاكۆ لە هەر موخالەفەیەك كە لە سنووری دەسەڵاتی ئەودا روو دەدات پێی راگەیەنێت... هەربۆیە هیچ ترسم لە ووتارانە نییە كە پێشەكی پارەكەیان دراوە یان هەندێك بەرپرسی گەندەڵ وخزم وكەسەكانیان لە ژێر ناوی خوازراو ناتەواودا بلاوی دەكەنەوە. بە مانایەكی تر چواردە ساڵی رابردوو كەفیلە بۆ ئەوەی خەڵك (گەندەڵ وریفۆرم خواز) ، (فشەكەر وراستگۆ!)، (سیاسی ونا سیاسی) ، (مشەخۆر وخزمەتگوزار) بناسن. لە حەقیقەتیشدا هەر ئەوەش (واتە هۆشیار بوونی جەماوەر) وای لە حزبە سیاسیەكان ولە پێش هەموویانەوە "یەكێتی نیشتمانی كوردستان" كردو بە دوای ریفۆرمدا بگەڕێن وچارەیەك بۆ ئەو كێشانە بدۆزینەوە . درەنگ وزووشی ناوێت، چونكە كاتەكە زۆر درەنگە. قسەكردن لە سەر ریفۆرم لە ناو كادیرەكانی یەكێتی‌دا بەو ئاشكراییەو بەو هەموو سەراحەتە، خۆی لە خۆی‌دا دیاردەیەكی زۆر درووستەو نیشانەیەكە بۆ ئەوەی كە (puk) گیانی خۆ نوێكردنەوە تێدایە وحزبێكە دەیەوێت بە گوێرەی گۆڕانی هەلومەرجە سیاسی وكۆمەڵایەتی وئابورییەكان خۆی وبەرنامەكانی رێك خات. ئەم گیانەش لە هەندێك حزبی ناوچەكەدا نەبێت ئەوا زۆر بەدەگمەن لە حزبە سیاسییەكانی كوردستاندا بەدی دەكرێت. بەو پێیەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان پێگەیەكی زۆر گرنگی هەیە لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی لە كوردستان وعیراقدا، بۆیە هەر گۆڕانێكی ئیجابی لە یەكێتی‌دا بە ئیجابی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ناوچەكە. هەرچەندە هێشتا بانگی ریفۆرم خوازی لە ناو یەكێتی‌دا لە سەرەتادایە وهێشتا ئالۆزییەكی پێوە دیارە، بەڵام سەرەتایەكی گرنگە بۆ قۆناغێكی چارەنووساز. بەداخەوە مەشغول بوونی سەركردە سیاسیەكانی یەكێتی بە رێكخستنەوەی ماڵی بەغداییەكان، بووەتە هۆی سست بوونی رەوتی ریفۆرم لە كوردستان.

بەڵام پێویستە لە سەر ئەوانەی بەرنامەیان بۆ ریفۆرم هەیە بە هێمنی خوێندنەوەیەكی وردی هەموو لایەنەكانی مەسەلەكە بكەن . كۆمەڵێك پرسیار بكرێت و وەڵامی راست ودروستیان بدرێتەوە.لە سەروو هەموو ئەو پرسیارانەشەوە:" بۆچی

ریك سالێك دوای روخانی دەسەلاتی سەدام حسێن پرسی (زەرورەتی ریفۆرم) لە (کوردستان)دا تەشەنەی سەند؟!". ئاخۆ پێشبینی سەرکردایەتی سیاسی بوو بۆ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی وئابووری کۆمەلگای کوردستان ؟ یان گوشارێکی جەماوەری رێکخراو بوو؟ یاخود کاریگەری رۆژنامەوانی نیمچە ئازاد بوو لە سەر دەسەلاتی سیاسی کوردستان؟

لە راستیدا تەوقیت رۆلێکی بنەڕەتی دەبینێ لە سەرهەلدانی هەر پرۆژەیەکدا و زۆرجاریش تەوقیت سەرکەوتن وژێرکەوتنی پرۆژەکە دەست نیشان دەکات. وەلامی ئەو پرسیارانە بە تێرو تەسەلی کارێکی ئاسان نییە ، بۆیە من وەلامەکە بە جێدەهێلم بۆ دەرفەتێکی تر .لێرەدا قسە لە سەر هۆکارێکی سەرەکی سەرهەلدانی پرسی ریفۆرم لە کوردستاندا دەکەم" کە بە لای منەوە خالی هەرە گرنگی پرسی ریفۆرم لە لای ئێمە پێك دەهێنێت و بە داخەوە بێ ئەوەی پێی بزانین تێدا کاراکتەرێکی سەرەکین؟ ئەویش هاوکات بوونی دەستکردن بوو بەجێبەجێکردنی " پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە" کە ئەمریکا لە حوزەیرانی سالی ٢٠٠٤دا خستیە بەردەم ولاتانی گروپیG8وە و رەزامەندی لە سەردرا.. ئەو پرۆژەیە محافزکارە نوێییەکانی ئەمریکا لە پاش ١١ سیپتەمبەر بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کولتوری رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە کە "جگە لە ولاتانی عەرەبی تورکیا وئێران وئەفغانستان وپاکستان وئیسرائیل یش دەگرێتەوە" دایانڕشتبوو.مەبەست لێی ئەنجامدانی ریفۆرمی هەمە لایەنەیە لەو ولاتانەی کە بوونەتە بەرهەم هێنی سەرەکی تێرۆریزم.بۆ ئەو مەبەستەش بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لە هەولی ئەوەدان لە رێگەی رێکخراوە NGOکانەوە گەشە بە کۆمەلی مەدەنی وئابووری وریفۆرمی ئیداری بدەن لە رۆژهەلاتی ناوەراست. سەرەتای سالی ٢٠٠٥بە شێوەیەکی پتەو وبەرنامە بۆ دارێژراو دەست کرا بە جێبەجێکردنی بەرنامەکە. ئەوە بولە عیراق و میسر وفەلەستینەوە دەستیان پێکرد. دەیان رێکخراوی NGOی ئەو ولاتانە هاتنە وعیراق ولە رێگەی بەرنامەیەکی تایبەت ونەخشە بۆ داڕێژراووەوە دەستیان دایە جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان، پاش تەشەنەسەندنی تیرۆر وتەقاندنەوە لە عیراق زۆرێك لەو رێکخراوانە بارەگاکانیان گواستەوەبۆ کوردستان کە لە رووی ئەمنیەوە ئارامتر بوو.. لە کۆتایی ٢٠٠٤ وە بگرە بۆ ئێستا، ئەگەر تەماشاییەکی رۆلی رێکخراوە NGOکانی ئەو ولاتانە، بە تایبەتی ئەمریکا بکەین لە عیراق و کوردستان" دەبینین شەو و رۆژیان خستوەتە

سەر یەك بۆ گێڕانی کۆڕ وسیمینار وئەنجامدانی  وۆرك شۆپ بۆ هۆشیارکردنەوەی کادیری سیاسی و هەڵسوڕاوی بوارەکانی مافی مرۆڤ وژنان و خوێندکاران و رۆژنامە نووسان و سەندیکا هەمەجۆرەکان. تا پێیان کرا بێت لە عیراق و کوردستاندا کردویانەو  لە زۆر حاڵەتیشدا لە دەرەوەی عیراق ئەو کارەیان کردوە. ئەوە جگە لە پێشکەشکردنی یارمەتی مادی ومەعنەوی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن وکردنەوەی رادیۆییەکی بە هێزی وەك رادیۆ نەوا کە رۆژانە بە هەزاران کەس گوێی لێدەگرێت. پرۆژەکە هەنگاوێکی باش وگرنگە بۆ دەربازبوونی ناوچەکە لەو  دواکەوتوویی و نەهامەتییانەی کە گەلانی ئەو وڵاتانە بە دەستیەوە دەناڵێنن.دەروازەیەکە بە رووی شارسانیەتی نوێی مرۆڤایەتی و فرێدانی کارژی بیری تەسك و دۆگمای کۆنەپەرەستی ئاینی وئایدۆلۆژی. جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە لایەك گەلانی وڵاتانی ناوچەکە رزگاردەکات لەو هەموو رژێمە وراسی و دیکتاتۆری وتۆتالیتاریانەی کە بوونەتە مێردەزمەی سەر شانی خەڵك ولە لایەکی تریشەوە دەبێتە رێگر لە بەردەم کۆچی بە کۆمەڵی لاوانیرۆژهەلاتی ناوەراست بۆ ئۆرۆپا و کەمبوونەوەی رك وکیینە بەرامبەریا وەك پایزەرێکی جارانی ئەو دەسەڵاتانە. لە خاڵی یەکەمی دەقی پرۆژەکەدا هاتووە :

*" ئێمە سەرکردەکانی گروپی هەشت درك بەوە دەکەین کەوا  ئاشتی و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وگەشەسەندن وسەقامگیری لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەربڵاودا هەڕەشە لە سەر ئێمە کەم دەکاتەوە هەر بۆیە،پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو ریفۆرمە دیموکراتی و کۆمەڵایەتی و ئابورییانەی کە لەو ناوچەیەدا سەر هەڵدەدەن رادەگەیەنیین".*

لەو بڵاوکراوەیەدا وڵاتانی گروپی هەشت راشکاوانە رایدەگەیەنن کەوا تاکو ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست (کە کوردستانیش بەشێکی گرنگی پێك دەهێنێت) دواکەوتوو بێت" مەترسی لە سەر وڵاتانی ئەوان زیاتر دەبێت. بۆیە ئەوان بۆدجەیەکی تایبەت بۆ هەرسیٚ بواری ناوبراو دابین دەکەن. لە راستیشدا بە هۆی سەقامگیری باری ئەمنی کوردستان و لە بار بوونی هەلومەرجی سیاسی و ئامادەیی خەڵکەکەی بۆ گۆڕانی پۆزەتیڤ دەبینی مەسەلەی سەرهەڵدانی بیری ریفۆرم خوازی لە کوردستاندا لە پێش وڵاتانی تری ناوچەکە کەوتوە، و ئەمەش کە هەیە تەنیا سەرەتاکەیەتی و هیچ کەس ولایەن و کوتە نوسەرێك ناتوانیٚ بەری پیٚ رابگرێت. چونکە وەك روونمانکردوە لە پالٚ ئامادەییە ناوخۆییەکاندا،

عاملی پۆزەتیڤی دەرەکی بەهێز هەیە بۆ سەرخستنی. ئەوەی جێگەی دڵخۆشکەرەیە ئەوەیە (بەلای کەمەوە لەم قۆناغەدا)  بە پێچەوانەی ولاّتانی تر ئەڵتەرناتیڤی حزبە سیاسیەکانی کوردستان هێزە ئیسلامیەکان نیین، بەڵکو هێشتاکە ئەڵتەرناتیڤەکە لە هەناوی خودی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیەکەدایە. لەورووەشەوە زۆربەی ولاّتانی رۆژئاوایی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی گەر لە ولاّتێکی وەك میسرو فەڵەستیندا بوونی ریفۆرم رێگە بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان خۆشدەکات بۆ دەسەلاّت گرتنە دەست، ئەوا لە کوردستاندا هێشتا هێزە عەلمانییەکان کاریگەرترو لەبارترن بۆ فەرمانڕەوایی. لە هامانکاتدا گەشە سەندنی ئابووری وسەقامگیری ئاسایش وپەرەسەندنی میدیای سەربەخۆ و وەستانی کۆچی لاوان بۆ هەندەران و سەرهەڵدانی کۆچی پێچەوانە...هتد، کۆمەڵێ هاندەرن بۆ ئەوەی رۆژئاوا سور بێت لە درێژە پێدانی یارمەتی پرۆسەی ریفۆرم لە کوردستان.

دواجاریش من پێم وایە هەموو ئەو پرۆژانەی کە دەخرێنە روو هیچ نیین جگە لەو جۆگەلانەی کە لە کۆتاییدا رووبارێك پێك دەهێنن و بەرێی دەخەن بۆ دەریایەك کە خەونی هەموو گەلێکی خاوەن پرەنسیپی بەردەوامی یە لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی.